**بزمارەکانی خالید مەجید فەرەج**

# عوسیانی مەدەنی

- لەبەر ئەوەی گەلی کورد لەو بەشەی کە بەعێراقی عاربییەوە نوسێنراوە، بەشێکی دڵسۆز چالاک بووە، لە پرۆسەی ڕووخاندنی ڕژێمی حوکمی سەدام حسێن .

- لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردەکان تەنها جێگەبووە لە ناو چواچێوەی عێراقدا، کە لە ناویدا، خوێن لە لوتی سەربازێکی ئەمەریکی و هاوپەیمانەکانی نەهاتووە، بەڵکو لە هاو وولاتیەکی کوردیش زیاتر دڵتەئمینی سەروماڵیان بوون.

- لەبەر ئەوەی سەرانی سیاسی کورد، زۆر بە گەرم و گوڕی و بۆ سەرکەوتنی شەڕ دژی تیرۆر،و دروست کردنی ڕۆژهەڵاتێکی ناوەڕاستی نوێ ،و دیموکراتیزەکردنی بەڕێوبەرایەتی و هەموو پێگەکانی دەوڵەت و کۆمەڵ ، چالاکانە دەست بەکار بوون، هەروەها بۆ ڕاگرتن، و ئیدامەی ئەو پرۆسەیە ،کە شیعەو سونە تیادا یەکتریان خەڵتانی خوێن کردووە، چوونە بەغدا،

- لەبەر ئەوەی تانەو لۆمەی خەڵکانێکی زۆر لە کوردی خۆیان قبوڵکرد، کە دەڵێن ئێمە کارمان بە عارەبەوە چیە؟ ئەوان ئەگەر ئاشتیان تێبکەوێ و بکەونەوە خۆیان یەکەم ئیشیان گەڕانەوە ئەبێت بۆ عادات و تەقالیدە جونەکەی سەلەفی صالحیان کە ئەنفالە.

- لەبەر ئەوەی کورد، لەبەر چاوی هێزە تاریک پەرستەکانی ناوچەکە لە ئێران، و سعودیە،و تورکیە،و سوریا ،بەم یارمەتی دانو دەعوەت کردن و ئاهەنگ گێڕانە بۆ هێزە هاوپەیمانەکان و بەتایبەتی ئەمەریکا خۆی لەبەر چاویان کردۆتە گای ڕەش،و ئێستا ئەوانە سەگەرمی تیژ کردنەوەی قۆچەکانیانن، بۆ ئەو ڕۆژەی کە کورد لەم پرۆژەیەدا مایە پوچ دەر ئەچێ.

- لەبەر ئەوەی ئیدارەکەی سەرۆک بۆش بە ئێمەی کوردی گووت: بۆ خۆتانمە نەوەکا بشکێن، هێلکەکانتان هەمووی بێنن، من لەسەبەتەکەی خۆما بە ئەمان و زەمانەوە بۆتان هەڵئەگرم.

- لەبەر ئەوەی مافی چارەی خۆنووسین، لەبەر چاکەو فەزڵی ئەمەریکا،و بەریتانیا، و ڕاگرتنی دڵ، و هاوپەیمانیەتیان لای ئێمەی کورد، تا فیدرالی بڕی کرد.

- لەبەر ئەوەی لەسەرانسەری ناوچەکە ،تەنها ئێمەی کورد ، بەشەقام و بە ڕەسمیەوە، بیست چواسەعاتە نەک هەر دووعای خێرو ئاواتی سەرکەوتنمان بۆ هێزەکانی و پرۆژەکەی خواستووە، بەڵکو لە دڵیشەوە تەمەنمان کردووە، کە ببین وویلایەتێکی نوێی ئەمەریکا، و لە ئێمەش بترازێ ،کەسێک نیە چارەی ئەمەریکای بوێ، بەتورکیاشەوە کە لە پەیمانی ناتۆدایە، و بەدەلیلی ئەوەی ڕێگەی نەدا بە هێزەکانی کە لەخاکەکەیەوە بێنە ناو عێراق.

لەبەر هەموو ئەو لەبەر ئەوانەی لای سەرەوە، هەردوو خەڵەفاو و تەقاویت جەیمس بیکرو، لی هاملتن ، کاتێک تەکلیف کران بێن بۆ عێراق ،بۆ ئەوەی لەنزیکەوە بەگوێی خۆیان، و بەچاوی خۆیان ،ئەوزاعی ئەو وولاتە ببیستن، و ببین، و دواتر ڕاپۆرتی لەسەر بنووسن. چوونە لای ئیرهابیەکان لە فەلوجە ،چوونە لای شیعە بە موقتەداو حەکیمەوە ،چوونە لای تورکمان کە بەرەکەیان مەنجەڵێک دۆڵمە بەشی

هەفتەیەکیان ئەکات، گوێیان لە سعودیە،و ئەردەن، و سووریە،و ئێران ،و تورکیە گرت، بەڵام نەهاتنە لای کورد، و کاتێک ناوەرۆکی ڕاپۆرتەکەیان ڕاگەیاند ، ئەبینین ئەو ئاواتانە دێنێتە دی، کە ئیرهابیەکان تی ئێن تی لە پێناویا،لەناو ئاپۆرەی خەڵکا ئەتەقێننەوە و سەربازە ئەمەریکیەکانیان لە فەلوجە ،بە مردوویی ئەسووتێنن،و هەڵیشیان ئەواسن،بۆ ڕێگە گرتن لە دیموکراتیزەکرنی ناوچەکە بەگشتی، و عێراق بە تایبەتی ، ولەبار بردنی فیدرالی ،و گەڕانەوە بۆ بەهێز کردنی مەرکەز ،و جارێکی تر دەست بەسەراگرتنەوەی داهاتی نەوت، لەلایەن بەغداوە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ دوایین جەولەی قڕ کرنی کورد بە یەکجارەکی.

بۆیە دەبێ :

- گەلی کورد عوسیانی مەدەنی لە سەرانسەری کوردستان ڕاگەێنێ.

- ڕاگەیاندنی هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرا،لەلایەن سەرکردەی سیاسی کوردەوە، لەمەڕ سەر لەبەری پرۆسە سیاسیەکەی عێراق ، گەڕانەوەی هەموو بەشدار بووان،بە جەنابی سەرۆک کۆماریشەوە بۆ کوردستان،و هەڵپەساردنی هەموو بەشداریەکیان تیادا،تاوەکو بیکەر و هاملتۆن بەڕسمی و لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ،ئیعتیزار بۆ گەلی کورد دەهێننەوە .

- لەکاتێکدا کە بیکەر و هاملتن خەڵاتی ( تیرۆریستان) نەیارانی ئەمەریکا، و ئەو پرۆسەیەی کە لە عێراق بەڕێوە دەچێ دەکەن، بە چەسپاندنی داواکانیان ،لە ئامۆژگاریەکانیانا، دەبێ کوردیش ئەوە تێیان بگەێنێ، لەبەر ئەوەی سوود لە بەرهەڵستکاری کردن و تیرۆر داهەیە ، ئەویش دەتوانێ بەرهەڵستکار دەبێت.

- لەهەمووشی گرنگتر ئەوەیە، ئەم ڕاپۆرت نووسانە، بیرو باوەڕیان لە گەڵ بیرو باوەڕی سەرەک بۆش یەک ناگرێتەوە. لەوەش باشتر ئەمانە هەمووی ئامۆژگارین، و بەزمانی قانون سەرۆک سەربەستە لەوەی کە ڕێزیان لێبگرێ، یان ئیهمالیان بکا، واتا ئەتوانێ فڕێیان بداتە نزیکترین تەنەکەی خۆڵەوە لە کۆشکی سپی، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێ ئەوهەڵوێستە لەبەرانبەر زۆربایەتی دیموکراتەکان، لە ناو کۆنگریس وەربگرێ، ئەو پێویستی بە کاردانەوەیەکی بەهێزی خەڵکانی ناو عێراقە، کە کورد لەسەرو هەموویانەوەیە،ئێمە هەموو جارێک بە ئەمەریکامان لەبەر خاتری سەرەک بۆش ووتووە بەڵێ، با ئەم جارەش هەر لەبەر خاتری ئەو سەرۆکە بڵێین نا.